

# تاڵەقژێک لە شێوەی «ل»

بەختیار حەمەسوور
(سلێمانی)

دە ساڵ بوو دەرگای ئەو ژوورەم نەکردبووەوە، جورئەتم نەدەکرد. دەترسام، لە خۆڵ و تەپوتۆزەکەی نا، لە بۆخنک و تەونی شۆڕبووەوەی جاڵجاڵۆکە بەبن میچ و گۆشە و دیوارەکانییەوە نا، لە یادەوەرییەکەی. تەقریبەن گەیشتبوومە بەڵێنێک و بڕوایەک کە ئەو ژوورە هەر لە بنچینەوە نییە و بە چوونی تۆ، لە خانووەکەماندا سڕاوەتەوە، لابراوە، یان هەر نەبووە، بەڵام هەبوو، قورس و قاییم، هێندەی هەموو ڕووبەری خانووەکە زەینی داگیر دەکردم.

بە درێژایی ئەو ساڵانە، هەرکات چوومەتە مەتبەخ، بە مەبەست، یان هیچێک، بەوێدا، ڕێک بە لایدا ڕۆیشتووم؛ ئەو پەنجەرە بچووکەی ژوورەکە، کە بەسەر هەمان دەستشۆر و حەوزی سینگدا دەڕوانێت و ڕۆژانە بەشێک لە کاتەکانم لەوێدا و بە دەم خوڕەی ڕۆیشتن بە بۆری سینگەکەدا، ئاوەوئاو دەڕۆن، بە دەنگی بەرز بانگی کردووم. لەو بڕوایەدا نەبووم پەنجەرەیەک بەو بچووکییە لە تواناییدا بێت بەو تینوتاوە بەرەو خۆی ڕام بکێشێ، ڕای کێشاوم و بە هەمان تینوتاو، لێی هەڵهاتووم. من زۆر کەم دەخۆمەوە، ئێستاش نازانم بۆچی ئەوجار بەوە تاوانبار کرام کە گوایە زیاد لە پێویست خواردوومەتەوە و ئەوانە، ئەسڵەن هەر نەمخواردبووەوە، پێچەوانەی زۆرینە، کە تەنیاکەوتە دەبن و خوو بە خواردنەوەوە دەگرن، من نەبووم، نە ئەوسا و نە ئێستاش، دوێ شەویش کە نائاگایانە دەستم کۆکلیلەکەی لە گیرفانم دەرهێنا و هەنگاوەکانم یەکڕاست بەرەو ژوورەکەیان هێنام و هەر زوو کلیلەکەیم دۆزییەوە و خستمە نێو کلێوونەکەی و خولێک سووڕاندم و بە جیڕەجیڕ و زیکەزیکەوە دەرگاکە نیوەکرانەوەیەک کرایەوە، ڕاستە ئێوارەکەی

لـە بۆنەیـەک و لـە ماڵێـک بـووم، کـە هاوڕێیەکـی کۆنـی سـەردەمی زانکـۆ، هەریەکەمانـی لـە جێیـەک و سـەرقاڵییەک دۆزیبـووەوە و دەرهێنابـوو، بـە یـادی بیسـت و ئەوەنـدە سـاڵ کـۆی کردبووینـەوە و منیـش بـە خۆشـی ئـەوان دوو پێـک، تـۆ بڵـێ سـێ، شـەرابم خواردبـووەوە، بـەڵام مەسـت نەبـووم، ئاسـاییتر لـەو ڕۆژانـە بـووم کـە دەبـوو بچـم بـۆ خانـەی نابینایـان و تێبینـی بنووسـم و تەماشـای جووڵەیـان بکـەم و دواتریـش، بـۆ نووسـینی سـیناریۆی کورتەفیلمێـک بـە نـاوی «ئارشـیف»، کـە تـۆ نەتبینـی، سـوودیان لـێ وەربگـرم.

***

### دیمەنی یەکەم

### کات: ڕۆژ، بەردەم نەخۆشخانەیەک

**پیاوێکی میانساڵ، بە چاکەت و پانتۆڵەوە لە دەرگای نەخۆشخانەیەک دێتە دەرەوە. لە بانسـەری، فلێکسـێکی گەورە هەڵواسراوە، بە نووسراوەکەی سـەریدا دەزانین نەخۆشـخانەیە و «تایبەتـە بـە نەخۆشـییەکانی چـاو». یەکەم شت کە سـەرنجمان ڕادەکێشێت چاویلکەکەیەتی، خڕ و زەڕەبینی. چاوەکانـی وەک دوو کونـەدەرزی لـە پشـت شووشـە ئەسـتوور و ڕوونەکەیـەوە بەحـاڵ دەبینرێن. بە جووڵـە و هەنگاونانیدا دیارە کە بەرپێی خـۆی بـاش نابینێت. سـووکێ لـەو پێنـج پێپلیکانەیـەی بـەردەم نەخۆشـخانەکە دێتـە خـوارەوە. کەمێک ڕادەوەسـتێت. تەماشـای ئەوبـەری شـەقامەکە دەکات. نیگای کامێرا ئاراستەی ئەوبـەر دەکرێ، لێڵ و تەڵخـە. بـە تێکنانـی تەوێڵ و ڕوخسـاریدا دەزانیـن کـە هیچێک نابینێت. دەسـتی چەپـی بـەرز دەکاتـەوە تـا بزانێت سـەعات چەندە، تەواوێک نزیکی دەکاتـەوە، بە جۆرێک کاتژمێرەکـە بـەر شووشـەی چاویلکەکـەی دەکەوێت. نازانین سـەعات چەنـدە، بـەڵام بـە ڕووناکیی ڕۆژەکـەدا دەزانیـن ئێوارەیـە، ئێوارەیەکـی درەنـگ.**

***

کۆکردنـەوەی ئـەو هەمـوو هاوڕێیـە و دیتنەوەیـان، هـەم خـۆش بوو، هـەم ناخۆش، بۆ من، ناخۆشـییەکەی پتـر بـوو. لـەو جـۆرە کۆبوونـەوە و دانیشـتنانەدا باسـی تـازە نییـە، ئـەوەی هەیـە هەڵکردنـەوەی کاسـێتەکەیە بـۆ سـەرەتا، لێدانـەوەی قەوانێکـە کـە لـە گەنجینـەی تۆزلێنیشـتوو و فەرامۆشـکراوی ماڵەگـەورەدا، لـە بنـی چەنـد کارتـۆن شڕوشـیتاڵ کەوتـووە. کـەس دەربـازی نابێـت، هەمـووان دەبێـت بەشـدار بـن و بـە دەم خواردنـەوەی عـەرەق و شـەراب و دەستەخوشـکەکانییەوە، بگێڕنـەوە. لـە دەسـتپێکەوە گوتـم پیـاوی چـاک بـن، منـی لـێ دەرکـەن و وەک گوێگرێـک و جارجـار بیرخەرەوەیـەک، دادەنیشـم.

قەبووڵیـان نەکـرد. پێیـان گێڕامـەوە، باسـی یەکـەم بینینـت لـە پێشـانگەیەک و دواتـر ناسـین و دانیشـتن لەگەڵـت لـە کافەیـەک و ئەوجـا نهێنیـی خۆشویسـتنەکەت بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ و پاشـتریش هاوسـەرگیری و ئاهەنگەکەمـان و هاتنـە ئـەم خانـووە و ژیانێکـی کـورت و خێـرای سـێ ساڵەیی و دانانـی دوانوختـە و چوونـی هەمیشـەییت. هەبـوون، لـە هەمـوو ئـەو ڕۆژانـە و ئـەو بۆنانـە و ئـەو یادانەمانـدا، لـە میوانداریـی و بەشـێک لـەو سـەفەرانەش کـە کردمـان. لـە تەنیشـتم بـوون کـە تـۆ چوویـت، چەنـد ڕۆژ و حەفتـە و مانـگ. دڵیـان دەدامـەوە، نەیاندەزانـی پـاش تـۆ شـتێکم نەمـاوە بـە نـاوی دڵ! هـەر شـەوە و یەکێکیـان دەهـات، هـەر لەودیـو، لـە ژوورە گەورەکـەی پێشـەوە، ئـەو ژوورەی بڕیـار بـوو بـە منـداڵ پـڕی بکەیـن، لـە دەورم دادەنیشـتن و بـەس گاڵتـە و نوکتەیـان دەکـرد و بـە هەمـوو تواناییـەک دەیانویسـت تەنیـا بزەیـەک بـە لێـوم بخـەن. بـزە نـا، دوای تـۆ پێکەنیـم، بـۆ درۆ بکـەم، قاقـا پێکەنیـم، تەنانـەت جارێکیـش، لـە سـەروەختی تۆمارکردنـی کورتەفیلمەکـەدا، هێنـد بـەرز پێکەنیـم، هەمـوو کاسـتەکە وەسـتان و حەپەسـان، بـەڵام لـە

دڵەوە نا، قەتاوقەت، دەی، شتێکم بە ناوی دڵ، پاش تۆ، نەمابوو.

***

## دیمەنی دووەم

**کات: شەوە، شوێن: ناوماڵ**

**پیاوەکە لە ژوورێکی گەورەی پانوپۆڕ بەتەنیا دانیشتووە. چاویلکەکەی لەسەر چەند پەڕەیەک لە تەنیشت خۆی داناوە. جارجار سەر بۆ سەقفەکە بەرز دەکاتەوە و جارجاریش ڕوخساری لەناو هەردوو دەستیدا دەشاریتەوە. وەک ئەوەی لە شتێک نەگات، بیر دەکاتەوە و سەر با دەدات. لە ناکاو دەداتە پرمەی گریان. دەنگی گریانەکەی لە ژوورەکەدا بەرز و بەرزتر دەبێتەوە، پاشان هێدی هێدی ئارام دەبێتەوە، ئێستا چیدی ناگری، بەڵام بێئۆقرە و شپرزە. دەست دەداتە پەڕەیەک لە پەڕەکان. چاویلکەکەی دەخزێت. بە دەستی ڕاست پەڕەکە تا ئاست چاوی بەرز دەکاتەوە، دەڵێی دەیەوێت بچێتە ناوی. بە دەستکوتان دەوروبەری خۆی دەگەڕێ، کەمێک دوور کەوتووەتەوە، بەڵام دەیدۆزێتەوە، دەیکاتە چاوی. لە پەڕەکە دەڕوانێتەوە، ورد و بە دیققەت. پەڕەکە لە دەستی بەر دەبێتەوە، شەپۆلاوشەپۆل دەکەوێتە سەر ئەرز. دەکێشێت بە نێوچەوانی خۆیدا.**

***

جلەکانت وەک چۆن دواجار قەدت کردوون و چین لەسەر چین داتناون، هەر لەوێدان، لەناو بۆفییە دارینەکەمان، وەک خۆیان. هەر ئەو ڕۆژانە کە قەرارم دا دەرگای ئێرە بۆ هەمیشە ببەستم، جلەکانی خۆم بردە ژوورەکەی دی، تەنیا بلوزە شلیلەکەم لێرە هێشتەوە، ئەوەی بە دەستی خۆت و بە درێژایی دوو مانگ سەرقاڵی و شاردنەوە، بۆ ئەوەی تەنانەت سووسەشی بکەم، بۆت چنیبووم و بڕیار بوو تەواوی ئەو زستانە لەبەری بکەم، ئەو زستانەی کە چوویت. ئەوەش خاولییە ڕۆبە درێژەکەتە بە عەلاگەی جل هەڵواسینەکەوە، ڕێک دواجار چۆن گەرماوت کردووە و خۆتت پێ وشک کردووەتەوە و پێوەی هاتوویەدەر و بەوێدا هەڵتواسیوە، بەوێدا هەڵواسراوە، ناچم و ناوێرم دەستی لێ بدەم، لەبەر ئەوە نا ڕیشاڵ ڕیشاڵ بووبێت، لەبەر بۆنی شێداریی پێستت و ئەو شامپۆ و سابوونەی دواجار خۆتت پێ شووشت و پاش دە ساڵیش دڵنیام لێی دێت، ئەوەش تابلۆی دیوارەکەیە، وێنەیەکی تۆ، کە هاوڕێیەکی نیگارکێشم کێشای، بە هەمان شوێنەوەیە کە خۆت پێت باش و پەسەند بوو، تۆزوخۆڵی ئەم ساڵانەی لەسەر نیشتووە، مایەی سپاسە کە هێشتا زەردەخەنەکەت لەژێر قورسایی تۆزوخۆڵدا بۆم بەردەوامە، ئەوەش تابلۆی ژنەسکپڕەکەیە، دیاریی هاوڕێیەکی تری نیگارکێشمان، شێ و گەرمی و ساردیی زەفەریان بە ڕەنگەکانی بردووە و شێواندوویانە، ناڵێم چەند ئەو تابلۆیەت لا جوان و خۆشەویست بوو، زیاد لەوە حەزت دەکرد ئەو دۆخە ئەزموون بکەی، ئەوەش پەردەی پەنجەرەکەیە، ئەستوور و ڕووناکچن، گوتم پەنجەرەیەک بەو بچووکییە، ڕەنگە بچووکترین پەنجەرەی دنیا، پەردەی ناوێ. گوتت نا، تا شەوەکانمان و خەوەکانمان ئارامتر و بێدەنگتر بن، ئەوەش ئەو کتێبەیە کە لەسەر ئەو کۆمەدییە نزمە داتناوە و دە ساڵی ڕێکە تەنیا سی و هەشت لاپەڕەت لێ خوێندووەتەوە! جاڵجاڵۆکە تەونی لە دەور چنیوە و لاپەڕە و کەناریپەڕەکانی زەرد و ڕەش هەڵگەڕاون. نووسەری ئەو کتێبە نووسەری دڵخوازی تۆ بوو، هیی منیش بوو، کەمی دەنووسی، ئێستاش کەمنووسە، زۆرم پێ خۆشە، من نایخوێنمەوە، هەڵبەت پاش چوونەکەت.

هاوڕێیان دەیانگوت باشتر لە جارانە، حەیفێک!

***

## گرتەی یەکەم
### هەمان کات و شوێن

پیاوەکە لەبەر خۆیەوە قسە دەکات، گەرچی هیچ فرمێسکێک بە ڕوخسارییەوە نابینرێ، بەڵام دەنگی تەڕ و گریاناوییە. دەڵێت: «تەنیا یەک مانگ!» چاویلکەکەی دادەگرێ و دەست بە ڕیشە- چەندڕۆژ- نەتاشراوەکەیدا دەهێنێت. «سی ڕۆژی تر! یانی تەنیا سی ڕۆژیتر من دەتوانم تۆ ببینم!» بە فلاشباکێکی کورت دیمەنی دانیشتنی خۆی لە بەردەم دوکتۆرەکەدا لێ دەدرێتەوە: دوکتۆرەکە پاش پشکنین و وردبوونەوە لە ئەنجامەکان، پێی دەڵێت: «چاوەکانت تووشی کۆریۆدێرمیا هاتوون، لە کزبوون و دابەزینێکی خێرادان، بەداخەوە. ئەم نەخۆشییە دەگمەنە، ڕێژەی تووشبوونی یەک لە پەنجا هەزارە! بە ئەگەری زۆرەوە تەنیا مانگێکت ماوە بۆ بینینی ڕووناکی و دیکەی شتەکان.» پیاوەکە دەڵێت: «ڕووناکی و دیکەی شتەکان بە توون، بەڵام...» دکتۆرەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری پیاوەکە دەکات. (فلاشباکەکە تەواو دەبێت.) پیاوەکە لە جێی خۆی هەڵدەستێت. دەستاودەست بە دیوارەکەدا دەڕوات تا دەگاتە دەستشۆرییەک، دەموچاوی دەشوات. هەر بە مست، کەمێک ئاو دەخواتەوە. بەناو ماڵ و ژوورەکاندا دەگەڕێت. لێرەدا پێویستە نیگای کامێرا بە تەڵخی بکەوێتە سەر هەموو ئەو شتانەی پیاوەکە دەیانبینێت.

***

دوایین ساتم لە بیرە، نەمدەزانی ئەوە دوایین سات و دوایین بینینت دەبێت، دەنا قووڵتر لێتم دەڕوانی و وێنەی ڕوخسارە شێواوەکەتم لە پێڵوو و گلێنەمدا، هەمیشەیی دەکرد. منیش نزیکت بووم، لەسەر قەرەوێڵەیەک، دەیانگوت هەر پەردەیەک نێوانمان بووە، نیوەبێهۆش و تێکقوپاو: جارێک نەخۆش کەوتم، ئەوکات تازەکی هاتبووینە ماڵوحاڵی خۆمان، یانی هەر ئەم خانوو و ماڵە، بە پەتایەک کە هەر ئەو ڕۆژانە لە تەواوی دنیادا بڵاو بوبووەوە و گەیشتبووە گیانی منیش، گرتم و بۆی ڕاکشام و گوتم: «تێکقوپاوم!» پێکەنیت و گوتت: «تێکقوپاو نا، تێکشکاو، بۆ وا لەم زمانە هەشبەسەرە دەکەی!» وەک شتێک ئەوکاتیش من لە تۆ بەهێزتر بووم، بریا نەدەبووم. باشتر بووم و هەستامەوە. گوتیان من کەمتر بەرکەوتووم و زۆریی زەبرەکە تۆی گرتووە، لەوەشدا ژیان ناهەقی دەرهەق کردیت. تۆ چوویت و من مام و مامەوە تا ببمە داهۆڵ، داهۆڵێک بۆ چڕنووک و دەنووکی ژیان. دواتر پێیان گوتم کە چۆن بووە و چیت بەسەر هاتووە، نەتمبینی، کە من هاتمە دەرەوە تۆ ئیدی لێرە و لەسەر هیچ بستەخاکێک نەمابووی. چۆن دەکرا بە دوو دارشەق و ئەو برینانەی وەک پیتی هەڵکۆڵراوی قەد درەختێک، لەسەر دەموچاو و جەستەم هەڵکۆڵرابوون، بێمە سەر خاکێک کە هەر دوو مەتر درێژ و نیو پان، هەڵبەستراو و داپۆشراو بە گڵ و وردەچەو، بڕوا بهێنم تۆ لەژێریدا ڕاکشاویت. من وێنایەکی تری تۆم لێرە، لەم ژوور و ماڵەدا کردبوو؛ هەستمەوە و بێمەوە و تۆ لێرە چاوەڕێمیت و چێشتی بۆنخۆشت بۆ لێ ناوم. نەبوویت، جەستەت نەبوو، بەڵام هەن، لە هەوای ئێرەدا، بۆنت، هەناسەت، یادت، وێنەت، جلەکانت و کتێبێکیش کە تەنیا سی و هەشت لاپەڕەت لێ خوێندووەتەوە.

***

## گرتەی دووەم

### هەمان کات و شوێن

پیاوەکە تاکی بۆفییەک دەکاتەوە. ئەلبوومێکی گەورە دەردەهێنێت. سەرەتا هەموو شتەکان تەڵخ و ناڕوونن، کەم کەم ڕوون و ئاشکرا دەبن. پیاوەکە پشت بە پاڵپشتێکەوە دەدات. چاویلکەکەی لە چاو دادەگرێ و بە چمکی کراسەکەی، شووشەکەی دەسڕێتەوە.

چاویلکەکەی دەکاتەوە چاو. ئەلبوومەکە بە هەردوو دەست بەرز دەکاتەوە، نزیک لە چاوی، کامێراکە لە پشت سەری پیاوەکەدا جێگیر دەکرێ. بەرگی ئەلبوومەکە دەکاتەوە. لەسەر یەکەم پەڕە دەوەستێت، لە چوار خانەی فۆتۆ، دانەیەکیان سپیی بەتاڵە و تاڵێک قژ لە شێوەی «ل»ی لێ دانراوە. نیگای کامێرا لەسەر فۆتۆی ژن و پیاوێک زووم دەکات، گەنجن و جوان، بە بزەیەک و نازێک خزیونەتە باوەش یەک و بۆ کامێرامان پێکەنیون. نیگای کامێرا کە هەمان نیگای پیاوەکەیە، دەچێتە سەر ژنەکە، ورد و خاو لەسەری دەوەستێت، لە لۆچێک و خەتێک و خاڵێک و قرنجێک، چەپکێک قژیش کە با بە لایدا خستووە. فۆتۆیەکی تر لە هەمان لاپەڕە، هەمان ژن، بەڵام بەتەنیا، لەسەر بەردێک لە تەنیشت گۆمیلکەیەک دانیشتووە، نیگای کامێرا ورد ورد و هێمن هێمن بەسەر جەستە و ڕوخساریدا دەڕوات. فۆتۆیەکی تر لە هەمان لاپەڕە، هەمان ژن پشیلەیەکی بە باوەشەوەیە، پشیلەکە سپی پەڵە پەڵە ڕەشە، چاوی سەوز و دەمی وەک ئەوەی گوتبێتی «میاو» کراوەتەوە. نیگای کامێرا ورد ورد و هێمن هێمن بەسەر جەستە و ڕوخساری ژنەکەدا دەڕوات.

***

دەیناسمەوە. خۆیەتی، تاڵێک لە قژە جوانەکەت. لەپێش چاوم ڕایدەگرم، پێچخواردوو و لوول، مەیلەوزەردیش. لەسەر فەرشەکە کەوتبوو، ئەو فەرشەی پاش گەڕانێکی چەندڕۆژەی دووکانەودووکان دۆزیتەوە و کڕیمان؛ کوڵکنی ڕەشوسپی و نەرم، قەراخ ڕیشوو و گوڵینە. گوتم دەنکەبرنج و خواردن و وردەخۆڵ و شەکر دەچنە نێوان کوڵک و ڕیشووەکانی و پاککردنەوەی زەحمەتە. گوتت جوانە! جوان بوو، ئێستاش جوانە. لە هیچ ماڵێک نەمدیوە، باشتر. ئێستا کە بە ژوورەکەدا دەگەڕام و دەستم لەسەر جێدەستەکانت لەسەر دیوار دادەنا و وێناتم دەکرد، بێئاگا لە قاچم لە کوڵکی فەرشەکەدا نوقم بوو، لە پەنجە گەورەی پێم ئاڵا، هەستم پێ کرد، بۆی دانیشتم و هێواش هێواش لە پەنجە گەورەم کردەوە؛ درێژ وەک ژێی چەلۆ. زستانان لێرە قژی پاشگەرماوت شانە دەکرد و هاوینانیش لە هەیوان. دەمبینی کە بە دەم ددانی شانەوە جارجار دەکەوتن و کۆت دەکردنەوە و تۆپەڵت دەکردن و فڕێت دەدان. ڕەنگە هی دوازستان بێت، چوونەکەت لە زستاندا بوو. شانەکەشت دەبێت لێرە بێت، شانە دارینەکەت؛ بە یادی نەنکت، دایکی دایکت کڕیمان و هەر لە سەرەتاوە گوتمان لە ڕێکخستنی ناوماڵ و دیکۆرات و شتە تایبەتەکاندا، بە تەنیشت شتی نوێ و مۆدێرن، دەبێت شتی کۆنینە و ئەنتیکیش هەبن. هەن. بۆنی دەکەم. درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم، ئەم تاڵە ژێئاسای چەلۆیە هەموو بوونی تۆی لە خۆیدا هەڵگرتووە. هەڵیدەگرم و دەیبەمە لێوار پەنجەرە بچووکەکە.

***

## گرتەی سێیەم

### هەمان کات و شوێن

پیاوەکە پەڕە بە پەڕە ئەلبوومەکە هەڵدەداتەوە و لەسەر هەموو ئەو فۆتۆیانە دەوەستێت کە ژنەکەی تێدایە. نیگای کامێراش هاوشان بە مەبەستی

پیاوەکە، خاو، زۆر خاو، فۆتۆ و ڕوخساری ژنەکە تێدەپەڕێنێت. پیاوەکە دەگاتە دوالاپەڕە و دوافۆتۆ، کە هەمان ژنە، کەشی فۆتۆکە بەفرە و ژنەکە لە پاڵ بووکەبەفرینەیەکی تا بڵێی زەلامدا وەستاوە، قاپووتێکی ڕەشی درێژی لەبەرە، بە خەت و هێڵی ڕێک ڕاوەستاوی سەرشان و قۆڵەکانیدا هەر دەڵێی ئێستا لەژێر دەزگای هەڵمینی ئوتوو هاتووەتە دەرەوە، ملپێچێکی سووری لە مل ئاڵاندووە و قژی، هەڵنیشتەی وردەبەفرە و پێدەکەنێت و وردەددانە سپییەکانی ڕیزاوڕیز دەرکەوتوون، نیگای کامێرا ورد ورد و هێمن هێمن بەسەر جەستە و ڕوخساریدا دەڕوات. پیاوەکە بە خێرایی ئەلبوومەکە دادەخات و بە خێرایی دەیکاتەوە، دەچێتەوە سەر یەکەم فۆتۆ و... بە دەم تەماشاکردنەوە دەڵێت: «سی ڕۆژ زۆر کەمە. تەنیا خەمێک هەمبێت، نەمانی وێنەی تۆیە لەناو چاو و یادەوەریمدا، دەمەوێ بە جۆرێک سەیرت بکەم، پاشتر و بۆ هەمیشە لەناو چاو و یادەوەریمدا، بە گشت ڕەنگەکانەوە بتهێڵمەوە.»

نیگای کامێرا لەسەر فۆتۆکانە. وردەوردە فۆتۆکان تاریک دادێن و تەنیا دەنگێک کە دەبیسترێت، دەنگی هەڵدانەوەی ئەلبوومەکەیە.

(کۆتایی)

***

بەر لەوەی ژوورەکە جێ بهێڵم، حەز دەکەم شتێک لەگەڵ خۆم ببەمە دەرەوە، شتێکی تایبەت بە تۆ. بەرەو تاقمی میکیاژ و جوانکارییەکانت دەچم، دەمەوێ سەریان هەڵبدەمەوە و دەستم دەکێشمەوە. دەترسم دڵتەنگ بیت، برەنجێیت. چاو دەگێڕم، هەموو سووچ و قوژبنێک تۆی لێیە، تارمایی تۆ، هەناسەی تۆ. هەست بە گوشار و توندییەک لەسەر سینگم دەکەم، هەست دەکەم نەختە نەختە هەوا قاتی دەبێت و دڵم خەریکە سست بێت. هەنگاوم بۆ نانرێ، خاووخلیچ و گاگۆڵکێ ئاسا خۆم دەگەیەنمە دەرگاکە. نیگام دەڕوا و لەسەر لێوارپەنجەرە بچووکەکە دەنیشێتەوە، وزە و ورە دەدەمە بەرخۆ و هەڵدەستمەوە، جلەکانم هەر خۆڵ و تۆزن. دەست بە دەست و بست بە بست بە کۆمەکی ڕاستەدیوارەکە هەنگاو هەڵدەگرم و پاش چەند سەدە، دەگەم. تاڵەقژەکەت لەوێیە، شێوەی پیتی «ل»ی وەرگرتووە، وەک ئەو منداڵەی کە نەمانبوو، بەلام وێنامان دەکرد لە جێخەوەکەیدا خەوتووە و ئێمەیش بە دیاریەوە وەستاوین و تەماشای دەکەین، خەوتووە، کڕ و کپ. دەستی دەدەمێ و لەگەڵ خۆم دەیهێنم. کۆکلیلەکە هەر بە کێلوونەکەوەیە، لەگەڵ ڕاکێشانی دەسکی دەرگاکەدا، جیرەجیرێک و زیکەزیکێک هەڵدەستێ و تاک و چوارچێوەکەی وێک دێنەوە و لەسەر یەکدی جووت دەبن، بە خولێک و سوورێک خڕ دایدەخەم، پشت بە دەرگاکەوە دەنێم و هێدی هێدی لەگەڵ داخزینمدا، دەدەمە پرمەی گریان.

کانوونی دووەم- ٢٠٢٣

**چاویلکەی چیرۆک: ناساندنی بەختیار حەمەسوور**

**ژیار هۆمەر**

نووسەرێک لە ژوورێکی دەورەدراو بە سەدان کتێب لە گەڕەکی جووەکان دانیشتووە و دەخوێنێتەوە، قاچی سڕ دەبێت، هەڵدەستێت و بەدەم پیاسەوە دەخوێنێتەوە، سەرنجی نوقمی زەریای کتێبەکە بووە و پەنجەگەورەی قاچی لە کوڵک و ڕیشووی

فەرشەکە گیر دەبێت، نووکەڕمی برووسکەیەک بە گلێنەیدا هەڵدەچەقێت، چرکەساتێک دیدەی ڕەش دادەگەڕێت، چاو هەڵدەهێنێتەوە و دەبینێت تاڵەقژێک لە قامکی هاڵاوە، دادەنەوێتەوە و بە سەری پەنجە هەڵیدەگرێتەوە، چیرۆکێکی شلوێ و پەنگخواردووی نەستی ڕوون دەبێتەوە، پیتە تابلۆئاساکانی زمانی دایکی لە بەرچاویدا دەخولێنەوە. شەو ڕادەشکێت، بیرۆکەکە مێشکی دەکرۆژێت و دەتلێتەوە. پێنجی بەرەبەیان کۆمپیتەرەکەی هەڵدەکات و سێ کاتژمێر ناخایەنێت هەڵیدەڕێژێت. ئەمە بۆ ئەو نائاساییە، ئاخر ئێجگار کەمنووسە: پازدە ساڵە چیرۆک دەنووسێت و پازدە دەقی وەشاندووە. چرکاندنی ئەم چیرۆکە، تەنیا پێویستی بەو برووسکەیە بووە.

بەختیار حەمەسوور چیرۆکنووسێکی کوردە و لەدایکبووی سلێمانییە، ئەو شارەی شەقامەکانی بە ناوی شاعیرانەوەیە و یونسکۆ وەک شاری ئەدەبی ناساندوویە، ئەگەرچی دەیان لێکۆڵینەوە و وتاری بەپێزیشی نووسیوە، بەڵام لەسەر «من هەر چیرۆکنووسم و هیچی دیکە» سوورە. کەس لە بنەماڵەکەیدا کتێبی نەخوێندووەتەوە. کاتێک تەمەنی ١٦ ساڵ بووە، بنجکۆڵییەکەی بەرەو کتێبخانەی خوێندنگە ڕایکشاوە. ئیدی بە ڕاوێژی کتێبەوانەکە، «کلیلە و دیمنە»ی هیندیی- کە گێڕانەوەی لە زمانی ئاژەڵانەوەیە - خوێندووەتەوە. وردەوردە کتێبی کڕیوە، بەڵام خستوویەتییە ژێرکراسەکەیەوە و ئاودیوی سنووری ماڵەوەیانی کردووە، چەشنی گەنجینە لە ژێر جلەکانییەوە کەڵەکەی کردووە. زۆری نەخایاندووە، گوناحەکەی هەڵماڵراوە و خێزانەکەی ڕەخنەبارانیان کردووە. ساڵی ٢٠٠٥، ڕووی کاغەزی بە هەستوسۆزی هەڕەتی لاویی ڕەش کردووەتەوە. دوو ساڵ دوای ئەوە، یەکەمین دەقەکانی شانبەشانی نووسەری مەزنی وەک شێرکۆ بێکەس، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی، فەرهاد



بەختیار حەمەسوور

پیرباڵ و عەتا نەهایی لە بڵاوکراوەی وەک هەنار و (کوردستانی نوێ)دا وەشاندووە.

«پایسکیلی سوور» ناوونیشانی یەکەمین چیرۆکیەتی و زستانی ٢٠١٠ لە ڕۆژنامەیەکی هەولێردا بڵاو بووەتەوە، هەوێنەکەی دووکانەکەی یووسفی عەبەکەیە، ئەو کەسەی لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵدا بۆ یەکەمین جار «ئەسپی ئاسنین»ی هێناوەتە شاری سلێمانی کە دواتر ناوی «پایسکیل»ی ڕۆژئاوایی بەسەردا دابڕاوە.

بەختیار حەمەسوور ژینی بۆ چیرۆک تەرخان کردووە، تەنانەت چاویلکەی چیرۆکی لە چاو کردووە. ڕۆژێکیان پێی گوتم: «هەموو شتێک وەک چیرۆک دەبینم. هەتا کەسێک، یان شتێک نەخەمە قاڵبی چیرۆکەوە لێی تێناگەم، ناتوانم وێنای بکەم». سا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەنتۆن چێخەف، ئێرنست هەمینگوەی، ڕەیمۆند کارڤەر، حسێن عارف، حەسەن قزڵجی و هۆشەنگ گوڵشیری-یەوە. مژاری چیرۆکەکانی لەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چاندی کوردی هەڵچنراوە. تایبەتمەندییەکی بەرهەمەکانی چڕی و وردییە. چیرۆک لە ڕوانگەی ئەم

نووسەرەوە نیشاندان و وەسفە، کۆڵەکەکەیشی زەمان و گێڕانەوە و جیهانبینییە. ئەوەی زۆر بەرچاوە بایەخدانی بە زمانە. بڕوامەندیشە زمان هەر ئامرازی گواستنەوە نییە، بەڵکوو خودی خۆی ئامانجە و «دەستبردن بۆی مەترسیدارە»، بۆیە هەمیشە خۆی لە درێژدادڕی پاراستووە و بەرانبەر زێدەڕەوی لە وشەدا دەست قووچاوە. بەم دواییيانەیش چیرۆکێکی منداڵانی نووسیوە و وەک ئەزموونێکی «زۆر قورس» ناودێری کردووە.

بەر لەوەی بە پێنووسەکەی دیمەنی سینەمایی بچرکێنێت، بەختیار حەمەسوور ساڵی ٢٠٠٨ بە قەرزوقۆڵە کامێرایەکی سۆنیی کڕیوە و پتر وێنەی پشیلەی چرکاندووە. ئەم خولیایەی لە چاوی کامێراکەیەوە بەسەر کاغەزەکەیدا چۆڕاوەتەوە، بە ڕادەیەک پشیلە لەسەر وشە و نێوانی دێڕ و ناواخنی بڕگەکانی هەموو چیرۆکەکانی «مێرووڵەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن»دا خۆیان مەڵاس داوە؛ ئەو کۆمەڵەچیرۆکەی مێرووڵە لە ناوونیشانەکەی درووکاوە، گورگ لەسەر بەرگەکەی هەڵتووتاوە، دەستپێکەکەی بە گارەگارەی مریشکە و دواپەیڤی «میاو!»ی پشیلەیە.

هاوشێوەی چیرۆکی «خانووە داگیرکراوەکە»ی خولیۆ کۆرتاسار، زنجیرەچیرۆکی «ئامادە: چرک!» گێڕانەوەی بەسەرهاتی خانوویەکی کۆنە، بەڵام ئەمەیان هەڵکەوتەی خوارووی شاری سلێمانییە، جووەکان بەر لەوەی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بگەڕێنەوە ئیسرائیل، بە دەست و بازوویان هەڵیانچنیوە. نووسەر هەر پێی خستووەتە ئەو خانووەوە، ڕۆحی جووەکان ئابڵووقەیان داوە، هەستی کردووە سیخناخی چیرۆکە و دەبێت بینووسێتەوە. ماوەی ئەو سێ ساڵە سەرقاڵی داڕشتنی ئەو سێ چیرۆکە بووە، بەردەوام بەتەمەنەکانی ئەو گەڕەکەی دواندووە و لاپەڕەکانی مێژووی تەکاندووە تا بتوانێت وێنەیەکی شیاو بچرکێنێت، هەمیشەیش ترساوە خانووەکە لە کاتی نووسیندا بە سەریدا بڕووخێت. لەو کتێبەی لە یادەوەریی شارەوە هەڵقووڵاوە، ژن و مێردێکی خوێندەوار بۆ ئەو گەڕەکە دەگوازنەوە و دەکەونە تەڵەی ڕۆحیەتی جووەکانەوە. «ئامادە: چرک!» لە ڕووبەرێکی بەریندا خوێنرایەوە، بارتەقای دوو هێندەی کتێبەکە لەسەری نووسراوە. ڕەزا عەلیپوور چڕیی چیرۆکەکانی بە «دەقگەلی کەپسوولی» ناساندووە، بەو واتای وەک دەنکەحەب وزەیەکی زۆریان تێ ترنجێنراوە و دلاوەر قەرەداغی بە دەربڕینی «پاشکۆیەکی هەزارویەک لاپەڕەیی نەنووسراو» پشتڕاستی کردووەتەوە.

«تاڵەقژێک لە شێوەی ل» چیرۆکێکی بڵاونەکراوەی بەختیار حەمەسوورە و چارەنووسی بڵاوبوونەوەی هێشتا بە کوردی نادیارە. گێڕانەوەی فەرامۆشی، لەدەستدان، یادەوەری و نۆستالجیایە. ڕووداوەکانی لە بەردەرگا بۆ بەردەرگایە. ترازاندنی دەرگاکە چەشنی کردنەوەی دەرگای دۆزەخە، بەڵام کەسایەتیی بێناو بێباکانە خۆی هەڵدەداتە ناو گێژاوی یادەوەرییەوە.

هەرچەندە پێشتر دوو هەوڵی تر بۆ وەرگێڕانی چیرۆکەکانی بەختیار حەمەسوور دراوە، بەڵام ئەمە بۆ یەکەمین جارە گێڕانەوەیەکی بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە. ئەوپەڕی پێزانین بۆ هانا فۆکس و گۆڤاری «The Markaz Review» لە کالیفۆرنیا بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی ناساندنی ئەم چیرۆکنووسە کوردە.

***

**بەختیار حەمەسوور** (Baxtyar Hamasur) چیرۆکنووسێکی کوردە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ی سلێمانییە. ساڵی ٢٠١٢، بەشی کشتوکاڵی لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ٢٠١٠،

یەکەمین چیرۆکی بە ناوی «پایسکیلی سوور» لە ڕۆژنامەدا بڵاو کردووەتەوە. خاوەنی دوو کۆمەڵەچیرۆکە: مێروولەکان بەژێر ڕووناکیی مانگدا دەڕۆن (٢٠١٥، ناوەندی غەزەلنووس) و ئامادە: چرک! (٢٠٢١، کتێبخانەی یادگار). ساڵی ٢٠١٦، لە بیستەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی گەلاوێژ، خەڵاتی یەکەمی بۆ چیرۆک وەرگرتووە و ساڵی ٢٠٢٠ وەک دادوەری ئەم خەڵاتە هەڵبژێردراوە. ساڵی ٢٠٢١ بە لێکۆڵینەوەی «ڕیزبەندییەکی نوێ بۆ مێژووی چیرۆکی کوردی» بەشداری لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی سلێمانی بە سەرپەرشتیی یونسکۆ کردووە. چەندان وتار، لێکۆڵینەوە و یادداشتی ئەدەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردووەتەوە. ساڵی ٢٠١٨، ژیار هۆمەر دوو چیرۆکی بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕاوە، بڵاوکراوەی نبشت و مایندموتور لە ئەفغانستان و ئێران بڵاویان کردووەتەوە. هەنووکە نووسیاری وەرزنامەی «ڕۆڤار» لە دەزگای سەردەمە و کۆمەڵێک چیرۆکی نوێی ئامادەی بڵاوکردنەوەیە. ئەمە بۆ یەکەمین جارە چیرۆکێکی بە ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە.

***

**ژیار هۆمەر (Jiyar Homer):** وەرگێڕ و نووسیارە، لەدایکبووی ١٩٩٦ی سلێمانییە، وەرگێڕی وێژەی ئەمریکای لاتین بۆ کوردی و وێژەی کوردی بۆ چەندان زمانە، لەم سۆنگەیەوە بەرهەمی پتر لە ١٠٠ نووسەری کوردی لە سەروو ٣٠ وڵات بڵاو کردووەتەوە. نووسیاری گۆڤاری ئیلیان و وەشانخانەی باڵندەیە. ئەندامی ناوەندی کەشکۆڵ لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق، سلێمانی (AUIS) و ناوەندی پێنی کورد (Kurdish PEN) لە ئەڵمانیایە. سەرەڕای گوڵبژێری شیعری کرمانجکی (زازاکی)، کتێبی خوان کارلۆس ئۆنێتی، کارلۆس ڕویز زافۆن، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی و فەرهاد پیربباڵ-ی وەرگێڕاوە.

***

**هانا فۆکس،** لە زانکۆی لیدزی بەریتانی خوێندکاری دوکتۆرایە، سەرقاڵی توێژینەوەی ئەدەبیاتی کۆچ و سانسۆر لە سەدەی بیست و یەکە. بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی کوین ماری لە لەندەن وەرگرتووە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی نووسیوە. بەر لەوەی بۆ ئەکادیمیا بگەڕێتەوە، لە کەرتی پەروەردە و خێرخوازیدا کاری کردووە، ئێستایش وەک خۆبەخش داکۆکیکەری مافی پەنابەرانە. لەگەڵ ژیار هۆمەر، چیرۆکی «چای شیرین»ی حسێن عارف و «تاڵەقژێک لە شێوەی ل»ی بەختیار حەمەسووری بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە.

**نامەیەکی کورت لە هانا فۆکسەوە سەبارەت بە چیرۆکنووس و چیرۆکی "تاڵەقژێک لە شێوەی ل":**

"سپاس بۆ تۆ کە هەلی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە کوردییەت بە ئینگلیزی بۆ ڕەخساندم. هەمیشە حەز دەکەم زیاتر لەبارەی نووسەرە کوردەکانەوە فێر ببم، ئەم چیرۆکەیش زۆر جیاوازتر بوو لەو بەرهەمانەی بەختیار عەلی و فەرهاد پیرباڵ کە خوێندبوومنەوە. بەڕێزت هەستی زۆرت خستووەتە ناو چیرۆکەکەوە و پڕ لە هەستوسۆزە، ئەمەیش لە چاو خوێندنەوەی چیرۆکێکی ئینگلیزیدا جیاوازە. ئەوەم پێ سەرنجڕاکێش بوو گۆشەنیگای دەرهێنەرێکت خستووەتە ناو چیرۆکەکەوە. وێنام بۆ ئەم دەقە وەک کورتەفیلمێکە. بەهەرحاڵ، هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان چیرۆکەکانت لەبارەی گەڕەکی جووەکانەوە [مەبەست کتێبی "ئامادە: چرک!"ە] وەربگێڕدرێن، چونکە پێم وایە مێژووی کوردە جووەکان زۆر سەرنجڕاکێش و گرنگە!"